www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-11-2007 16:06

## زەکەریا عەبدوڵڵا لە ئاست داهێنان و بێدەنگیدا... ! دیلان رەشاد عەبدوڵڵا

Dilan_kn@yahoo. com

زەکەریا عەبدوڵلا ئەو هونەرمەندەی کە لەسەر دەمێکدا دەرکەوت هونەری کوردی نەیتوانی بوو خۆی لە قەرەی داهێنان و پێشکەوتن بدات هەرچەندە کۆمەڵە هونەرمەندێکی گۆرانی بێژ لە گۆڕەپانی هونەری کاریان دەکرد بەڵام لەوانەیە هۆکاری لاوازی بەرهەمەکانیان دەگەڕایەوە بۆسەر بارودۆخی خراپی ئەو سەردەمە لەو کوردستاندا و نەبوونی میکانزمێکی گونجاو ئامێری پێشکەوتن بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانیان بەڵام هونەرمەند زەکەریا ئەو دەرفەتە زێڕینەی خۆزتەوە بەهۆی ئەوەی کە لە دەرەوەی وڵات دەژیا و هەر لە بەرهەمی یەکەمیدا توانی بناغەیەکی هونەری بەهێز دروست بکات و دواتریش بینیمان کەچۆن بونی خۆی سەلماند وەك هونەرمەندێکی کوردی جیهانی دوای چەندین بەرهەمی ئەلبومی جوان و بەپێز توانی خۆی بگەیەنێتە لوتکەی هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی و بەڵام زۆرجار مرۆڤ لەبەر هەر گرفتێك بێت لەوانەیە توشی دابڕان بێت و دواکەوێت لە کاروانی هونەری و ئێستاش هونەرمەند زەکەریا بێدەنگیەکەی لە ڕادەبەدری نواندووە و هەواداران و جەماوەرەکەی خۆی لە چاوڕوانیدا بەجێ هێشتووە و تەنانەت وای لێهاتووە دووساڵ جارێك ڤیدیۆ کلیپێکی نوێی نابینرێت ئەمەیان لایەنێك لایەنێکی تری گلەیی و ناڕەزایی جەماوەرەکەی ئەوەیە کە هونەرمەند زەکەریا زۆر دوورە لە ڕاگەیاندن و ڕونکردنەوە لەسەر کاروپرۆژەی هونەری خۆی ناکات و ئەو هەموو بەڵێن و پەیمانەی بە جەماوەرەکەی خۆی داوە تا ئێستا نەهاتۆتەدی و بابەتەکە لە چاوڕوانیدا کاڵبۆتەوە زۆر لە خەڵکان پێیان وایە کەوا دورکەوتنەوە و بێدەنگی زەکەریا هۆکارەکەی خەریك بوونە بە کاری بازرگانی بەڵام پێویستە هونەرمەند زەکەریا ڕونکردنەوە لەسەر قسە هەڵبەستراوەکان بدات و چونکە جەماوەرو هەوادارانی دەنگی زەکەریا توشی دڵە ڕاوکێیی و بێ زمانی بوون و ناتوانن وەڵامی ناحەزانی دەنگی زەکەریا بدەنەوە بەڵام لەبەرامبەر ئەم هەموو ناڕەزاییە پێویستە هونەرمەند زەکەریا جەماوەرەکەشی بەلاوە گرنگ بێت و بتوانێت لە جەماوەرەکەی دانەبڕێت، زۆر پێم خۆش بوو کاتێك لە ڕۆژنامەیەك بڵاوکرابۆوە کە کاتێك لە وڵاتی بەریتانیا لە دوو کچی گەنجی ئەو وڵاتەیان پرسی بوو کەوا کورد دەناسن؟ ئەوانیش لە وەڵامدا گوتویانە بەڵێ بەهۆی گۆرانی بێژ زەکەریاوە کوردمان ناسی ئەمە زۆرە بۆ گەنجێکی کورد کەوا بەم شێوەیە بونی خۆی وەکو کوڕێکی کورد چەسپاندووە و هەوڵی داوە کەوا لە تەواوی وڵاتانی جیهان خۆی بناسێنێ بەڵام زۆر بەئەسەفەوە دواکەوتنی کارو بەرهەم و ڤیدیۆ کلیپەکانی هونەرمەند زەکەریا هەموومانی توشی بیرکردنەوە و چاوڕوانی کردوە و بەو هیوایەین کەوا ئەم چاوڕوانیە درێژە نەکێشێت.



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.